# سپای پاسداران لە لیسی تیرۆریستانی جیهاندا
# و سەردانەکەی ئەحمەدی نژاد بۆ ئامریکا

سەفەرەکەی ئەحمەدی نژاد بۆ ئامریکاو بەشداری لەکۆبوونەوەی ساڵانەی ئەنجومەنی نەتەوە یەکگرتووەکانو پێشکەشکردنی وتارێکی ئایدۆلۆژیک وەبیرهێنەرەوەی هەموو ئەو قسانەیە کە لەماوەی هاتنە سەرکاری ئەحمەدی نژاد بوونە باسو خواسی هەموو میدیاکانی جیهان. وتارەکەی ئامۆژگاریاویەکەی ئەحمەدی نەژاد بۆ ئەو کۆمەڵە وڵاتە بوو کە خەڵکەکەیان بەشێکن لە 40%ە خەڵکە بێئایینەکەی جیهان کە پەیڕەوی هیچ ئایینێک نین. هەرلەو ساڵەدا گرتنی کۆنفرانسێ بۆ بە ئەفسانە ناسینی هۆلۆکاست لەراستیدا بەشێکی دیکە لە گاڵتەجارپێکردن بە جیهانیان بوو کە کەوتە بەر پلاری رەخنەو مەحکومکردن. لەوانە دەتوانین ئاماژە بە سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، جان بۆڵتۆن نوێنەری پێشوی ئەمریکا لەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، دور گولد نوێنەری پێشووی ئیسرائیل لەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، ئیروین کاتلێر وەزیری دادگوستەری پێشوی کانادا بکەین و 25 وڵاتی ئوروپایی لەبەیاننامەیەکدا هۆشداریان بە ئەحمەدی نژادا کە کردەوەکانی دەبێتە هۆی نائارامی ناوچەکە.

سەردانەکەی ئەحمەدی نژاد هاوکات بوو لەگەڵ بە تێرۆریست ناسینی سپای پاسدارانو چوونە ناو یەک لیست لەگەڵ ئەلقاعیدەو موجاهیدینی خەڵق. ئەمریکا سپای پاسدارانی خستە ناو لیستی تێرۆریستانی جیهانەوە تا ئەم هێزە بخاتە ناو بازنەی بایکۆتی ئابووریو راگرتنی داراییەکانی. بە لەبەر چاوگرتنی ئەوەی کە سپای پاسداران تەنیا هێزێکی سەربازی نییەو بەڵکو خۆی مۆنۆپۆلێکی ئابووریوماڵییە کە دەیان کۆمپانیاو بانکو شوێنی بارهەڵگرتنو باردانانی لەبەندەرکان هەیە.

ئەحمەدی نژاد هاوکات لەگەڵ سەردانەکەی فەرماندەی سوپای پاسدارانی گۆڕیو ئەو هێزەی لەگەڵ بەسیج یەکخستەوە بۆ روبەڕووبوونەوە لەگەڵ مەترسیەکانی ناوخۆ(کە هەمان خەڵکی ناڕازین). چونکە لایەنەکانی رژێم لەسەر ئەو بڕوایە بوون کە هەمان سیناریۆی عێراق لەئێران دووپات نابێتەوەو ئەمریکا دەیەوێت لەرێگای لێدانی بنکەو بارەگاکانی سپا دەست بە بێهێزکردنی هێزی سەربازی بکاتو پشت بە هێزی شەقامو جەماوەر ببەستێت. تەیارکردنی ئەم هێزە تەنیا دژ بە خەڵکی ئێران رێکنەخرا، بەڵکو لە دەوری سنورەکانی ئێران سپای قودس(لقێک لەسوپای پاسداران) سەرقاڵی مەشقپێکردنو راهێنانی شیعە توندڕەوەکانی ناو عێراقو یارمەتی گەیاندن بە تالیبان لەئەفغانستان بوو کە لەبنەڕەتدا بەدەرە لەوەزیفەی ئەرتەشێکی کلاسیک کە ئەرکی تەنیا دیفاع بێت لەسنورەکان کە لەدوای شەڕی ئێرانو عێراق پێی سپێردرابوو.

PDF wurde mit pdfFactory Pro-Prüfversion erstellt. www.context-gmbh.de